# راگەیاندنی رەوتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بەپرۆسەی هەلبژاردنەکانی کوردستان و عیراق

پاش تیپەربوونی دوازدە سالان بەسەر هەلبژاردنی پارلەمانی کوردستان و زیاتر لە سالیک بەسەر رووخاندنی رژیمی گۆربەگۆری عیراقدا، وابریارە لە کۆتایی کانوونی دووهەمی 2005 دا پرۆسەی هەلبژاردنەکان دەست پیبکەن .

ئیمە وەک رەوتی نیشتمانی کوردستان دیدو بۆچوون و سەرنجی خۆمان هەیە لەسەر هەردوو پرۆسەکە ولە دوو گۆشەنیگای جیاوازیشەوە هەریەکەیان هەلدەسەنگینین ،.
دیارە پالەمانی ئیستای کوردستان لە رووی یاساییەوە هیچ جۆرە شەرعیەتیکی نەماوە و بەکردەوەش رۆلیکی دیارو بەرچاوی نەماوە لە قەوارەی ئیداری و سیاسی کوردستان دا . هەر بۆیە هەلبژاردنەوە و نوی کردنەوەی پارلەمان گرنگی و زەرورەتی تایبەتی خۆی دەبی . ئیمە پیمان وایە ئەگەرپرۆسەی هاوپەیمانیەتی و لیستەکان و دابەش کردنی کورسییەکان بە شیوازیکی هاوچەرخانەترو گوونجاوتر لەگەل باروجۆخی کوردستان و ناوچەکە رەچاووبکرایە ئەوەندەش پرۆسەکە دیموکراسیانەترو شارستانیانەتر دەبوو.

ویرای ئەو بارو سەرنج و رەخنانەش بەئەرکی ریکخراوەیی و نەتەوەیی خۆمانی دەزانین بە بەشداری کردن و کاری جددی کردن لەبۆ سەرخستنی پرۆسەی هەلبژاردن وبە ئەرکی سەرشانی تەواوی ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی رەوتی نیشتمانی کوردستانی دەزانین........

سەبارەت بە هەلبژاردنەکانی عیراقیش ئیمە لیستی هاوبەشی پارت و ریکخراوو کەسایەتییە کوردستانییەکان بەزەروورەتیکی میژوویی و چارەنووسساز ئەزانین بۆ وەدەست هینانی ژمارەیەکی هەرچیزیاتر نوینەران لە پارلەمانی سەرانسەری عیراقدا، هەر لەویشەوە سەنگی دۆزی کورد دیاری دەکری و ریژەی بەشداربوون لە ناوەندی بریاردا دیاری ئەکریت . هەروەها لە ناوەندی دەسەلاتەوە ئەکریت کاری جددی بکریت بۆ بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی راپەرین . لە حکومەتی 12سالەی کوردستان لە فیدرالیەت و مافی چارەی خۆنووسین.. کاربکریت بۆ فراوانکردنی ناوچەی دەسەلات و گیرانەوەی کەرکوک و خانەقین و تەواوی ناوچە ئازادکراوەکان بۆ سنووری هەریمی کوردستان ....

هەر لەو روانگانەی سەرەوە داوا لە سەرجەم کوردانی دانیشتووی هەندەران دەکەین کە بەشدرای هەرچی زیاترو بەرچاووتر بکەن لە هەلبژاردنەکانی عیراقدابۆ سەرخستن و پیشخستنی لیستی کوردی هابەش....

رەوتی نیشتمانی کوردستان
ناوەندی ریکخستنەکانی ئەوروپا
هۆلەندا 23 ی کانوونی یەکەمی 2004